

# پەیوەندی مەغۆل و دەوڵەتی خوارزم شاه

کوێستان نستانی

مەغۆلەکان لەو هۆزو تیرانەن کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون، واتە ڕۆژئاوای ئاسیا کە ئێستا پێی دەڵێن "مەنغولیا". بە پێی ئەو سەرچاوە کۆنانەی باس لەو هۆزو تیرەیە دەکەن، دەڵێن: "مەغۆلەکان کۆمەڵە هۆزو تیرەیەکن کە لە سەر سنووری هەرێمی (سینا) لە باکووری بیابانی لە نێوان چیاکانی کنای و خنجای نیشتەجێ بوون."

گەر باس لە وشەی "تەتەر" یان "مەغۆل" بکەین و بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە کۆنەکان و سەرچاوە ئیسلامییەکان، دەبینین هیچ جیاوازییەکیان نەبووە. هەندێ جار پێیان گوتراوە مەغۆل و هەندێ جار پێیان گوتراوە تەتەر، بەڵام وشەی تەتەر لە مەغۆل نوێترە لە بواری مێژووییەوە، لە هەمان کات دا وشەی مەغۆل گەورەترە لە وشەی تەتەر. دەتوانین بڵێین تەتەر کۆمەڵە هۆزێکن لە هۆزی مەغۆل و لە ئەنجامدا دەبنە بەشێك لە مەغۆل.

لە سەرچاوە تورکییەکاندا "عباس عزاوی" لە کتێبی "العداق بین احتلالین"، بەرگی یەکەم، دەڵێ: "ئەلەنجە خان یەکێك لە شا تورکان بووەو دوو کوڕی بە ناوی "مەغۆل خان" و "تەتار خان" هەبووە، لەمەشەوە دەکرێ بڵێین وشەی تەتەر و مەغۆل لە ناوی کوڕەکانی ئەلەنجەخان هاتوە."

بە شێوەیەکی گشتی تەتەر کۆمەڵە هۆزی سەربەخۆی تەتەرەکان بوو، بەڵام دوای سەرکەوتنی جەنگیزخان، "تیموجین" بە سەر تەتەرەکان، هەموو هۆزو تیرەی مەغۆلەکان بە مەغۆل ناسراون. خێڵ و هۆزەکانی مەغۆل بریتی بوون لە (تاتار، جلایر، قیات، ارلاد، قنقرات، اویرات، کرائیت) کە هەر یەکێك لەم هۆزانە لە شوێنێك نیشتەجێ بوون، وەك خێڵی "کرایت" لە ڕۆژهەڵاتی بیابانی جودی باشوری دەریاچەی بایکاڵ تا شورای چین" خێڵی "گاویرات" لە نێوان ڕووباری ئونون و دەریاچەی بایکاڵ نیشتەجێ بوون.

مەغۆلەكان وەك هۆزو تیرەیەكی گەڕۆك دەژیان و ژیانێكی سەرەتاییان هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەومێك بوون كە بە كاری كشتوكاڵی و ئەسپ سواری و بەخێوكردنی مەڕومالاًت و لە كاتی بێكاریش خەریكی رمبازێن و شمشێربازی و كوشتنی یەكتر بوون. لێرەدا بە تەواوی خوێن ڕێژی و دڕندەیی مەغۆلەكان دەردەكەوێ، چوونكە زۆربەی سەرچاوەكان كە باسی ئەو قەومە دەكەن وەك قەومێكی خوێن ڕێژو دڕندە ناساندوویانە. هەروەها مێژوونووس "المقریزی" لە كتێبی "السلوك فی المعرفه والدول الملك" لە لاپەڕەی ٦٤٧دا دەڵێ: "مەغۆلەكان ئەوەندە دڕندە بوون گۆشتی مرڤیان دەخوارد بە تایبەتی ئەوانەی خیانەتیان كردبا یان دوژمنیان بووایە."

مەغۆلەكان داب و نەریت و بیروباوەڕی جیاجیایان لە ڕووی خۆراك و شوێنی نیشتەجێ بوونیان هەبووە. لێرەدا بە كورتی باسیان دەكەین:

یەكەم: خۆراك

مەغۆلەكان زۆربەی خۆراكیەكانیان بە حەرام دادەنا، بەڵام گۆشت باشترین خۆراكی مەغۆلەكان بوو بە تایبەت ئەسپ و ئەو ئاژەڵانەی كە راویان دەكرد و بە راو و نێچیر دەستیان دەكەوت و ئەسپی كێویان دەخوارد. جگە لەوەش هەوڵی بەخێوكردنی پەلەوەریان دەدا و گرینگیان بە كشتوكاڵیش دەدا.

دووهەم: شوێنی نیشتەجێ بوون

زۆربەی مەغۆلەكان كۆچەر بوون بەشێك لەوان نیشتەجێ بوون و لە نزیك دارستانەكان دەژیان و خانووەكانیان بە دار دروست دەكردن. بەڵام لەو شوێنانەی كە داریان لێ نەبوو یا بیابان بوو، پیاوانی مەغۆل خێمەیان بۆ خۆیان دروست دەكرد و ئەو خێمانە توانای بەرگری رەشەبایان هەبوو.

سێهەم: لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینییەوە،

مەغۆلەكان باوەڕیان بە كۆمەڵێ ئایینی جیا جیا هەبوو، وەك ئایینی (شامانی و هندوسی و بودا و هتد...)، لە خۆرو هەورە بروسكە دەترسان، بەڵام ئایینی سەرەكیان ئایینی بودا بووە. ئەم ئایینە لە لایەن مەغۆلەكان پەیرەو دەكرا. بە پێی سەرچاوەكان لە ڕووی ئایینییەوە دەمارگیری ئایینیان نەبووە، هەر كەس لە ڕووی ئایینەوە سەربەست بووە. بۆ نموونە "جەنگیزخان" خۆی ئایینی شامانی پەیڕەو دەكرد و خێزانەكەی مەسیح بووە. بە پێی بیروباوەڕیان دەیانهەویست خۆیان لە هەموو خوراپییەك و نەخۆشیەك بپارێزن.

لەگەڵ ئەوەی ئەو هۆزانە بیروباوەڕی جیایان هەبووە، بەردەوام ناكۆكیان هەبووە تا دەركەوتنی یەكەم سەركردەی مەغۆلەكان بە ناوی "یسوگای بهادر" باوكی جەنگیزخان "تیموجین"، كە توانی گشت هۆزو تیرە مەغۆلەكان یەك بخات. ماوەی حوكمڕانی "یوسگای بهادر" زۆری نەخایاند و كۆچی دوایی كرد. لە دوای خۆی كوڕەكەی "جەنگیز خان" كە ئەو كات تەمەنی ١٣ساڵان بوو، بوو بە سەركردەی هۆزو تیرە مەغۆلەكان. لە بەر كەم توانایی لە بەڕێوە بردن زۆرێك لە هۆزو تیرەكان لە دژی وەستانەوەو جەنگیزخان ناچار بوو بۆ بژێوی بنەماڵەكەی كار بكات، بەڵام دواتر كە گەورە بوو دەسەڵاتی خۆی فراوان كردو بە سەر هۆزەكان دا زاڵ بوو. جەنگیزخان لە دوای هەڵبژاردنی بە سەركردەی سەركردەكان یا ئیمپراتۆری گشت خەڵك ناوی دەبرا كە ئەمەش لە دوای كۆبوونەوەی سەركردەی هۆزو تیرەكان لە ساڵی ٦٠٠ ك بەرامبەر ١٢٠٣ ز لە سەر ڕووباری "ئونون" لە دوای بڵاوبوونەوەی یاسایەك بە ناوی "الیاسا" لە ساڵی ٦٠٣ ك بە تەواوی بە جنگیزخان ناوی برا. واتە سەركردەی سەركردەكان یان ئیمپراتۆری گشت خەڵك، هەر لە دوای وەرگرتنی ئەم

دەسەڵاتە جەنگیزخان هەوڵی دا دەسەڵات بگەیەنێتە گشت دەوڵەتەکانی دەوروبەری بۆ فراوان کردنی سنوورەکەی. بۆیە هێرشی کردە سەر دەوڵەتی "خوارزم شاە" و "چین".

**دەوڵەتی خوارزم شاە**

ئەم دەوڵەتە لە هەرێمی "خوارزم" دامەزراوە کە سنووردارە بە هەرێمی "ئەودیو رووبار" لە رۆژهەڵاتەوە، لە باکووری خوارسان و لە رۆژئاواوە وەڵاتی تورکە غەزیەکان دەوریان داوە.

زۆربەی سەرچاوەکان "نوشتکین" (٤٦٥ــ ٤٨٥) بە دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتە دادەنێن، کە یەکێك بووە لە خزمەتکارەکانی سەلجوقییەکان. بە پێی ئەو نەریتە کە هەیان بووە لە دوای ماوەیەك کردوویانە بە فەرمانڕەوای ناوچەیەك، چونکە لە گەڵیاندا پیاوێکی دڵسۆز بووە. لە دوای مردنی "سلگان سنجر" لە "مەڕو" لە ساڵی ٥٥٢ تورکە غەزەکان هێرشیان بۆ نێوخۆی وڵات برد و غوریەکانیش بەشێکی ویلایەتی ئێران لە رۆژهەڵاتی خوراسان گرت و تا هیند و کیش رۆیشتن بەڵام بە هۆی هێرشی دەوڵەتی خوارزم شاە پاشەکشەیان کرد.

ئەو زەویانەی کە لە باشووری دەریاچەی "ارال" هەڵکەوتوون لە کۆندا بە خوارزم ناودەبران. بوونی ئاوی زۆر لەو ناوچەیە ببووە هۆی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و وەرزێڕی بە هۆی رووباری جیحۆن زۆر باش بوو. خوارزم شاهەکان لە دەشتاییەکاندا بە کاری وەرزێڕی و ئاژەڵداری خەریك بوون و کەل و پەلی فرۆشراویان لە بازاڕەکانی "ماوراء النهر" و "خوارسان" دەفرۆشت.

ئەم دەوڵەتە ناوی بنەماڵەکەیان لە رەگەزی تورکە. لە ساڵی (٤٩٠ ــ ٦٢٨ هـ) لە خوارزم فەرمانڕەواییان کردووە، لە دواییدا بە سەر عێراق و ئازەربایجان و خوراسان دا زاڵ بوون. ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی سوڵتان سنجری سلجوقی لە ساڵی (٥١١ ــ ٥٢٢)هـ سەربەخۆییان وەرگرتووە و پێگەو دەسەڵاتیان فراوان کردوە و بە هۆی فراوانی دەسەڵاتیان، سەلجوقییەکانیان بەهێز کردوە. حەوتەمین پادشای ئەم بنەماڵەیە سلگان "محمد خوارزم شاە" لەگەڵ هێرشی مەغۆلەکان بەرەوڕوو بووەو لە دەستیان رای کردو کوڕەکەی "جلال الدين منكبرتي" لەگەڵ بەرەنگارییەکی زۆر هەڵات و کوژرا. لە دواییدا بنەماڵەی خوارزم شاە لە ناو چوون و دواهەمین پادشای ئەم بنەماڵەیە سوڵتان "جلال الدين خوارزم شاە" لە چیاکانی میافارقین لە کوردستان کوژرا. لە ماوەی ١٣٨ ساڵ فەرمانڕەوایی ئەم بنەماڵەیە حەوت کەس بەم شێوە فەرمانڕەواییان کردووە، کە بریتین لە: قگب الدين محمد(٤٩٠ ــ ٥٢٢)هـ، بهاالدين مرغيناني (٠٠٠ ــ ٥٢٧ هـ)، استيز بن محمد (٥٢٢ ــ ٥٥١ هـ)، ايل ارسلان ابن استيز(٥٥١ ــ ٥٦٧ هـ)، سلگان شاە (٥٦٧ ــ ٥٦٨ هـ)، علاء الدين تكش(٥٦٨ ــ ٥٩٦ هـ)، علاء الدين محمد (٥٩٦ ــ ٦١٧ هـ)، سلگان جلال الدين ابن علاء الدين منكبرى ٦١٧ ــ ٦٢٨ هـ)

**پەیوەندی مەغۆل و دەوڵەتی خوارزم شاە**

ئەو پەیوەندییە، پەیوەندییەکی ئاڵۆزو شێواو بوو. بەردەوام لە کێشەو ململانێ دابوون لە سەر کێشەی دەسەڵات، بوونی ئەم ناکۆکییەش زیاتر لە

ساڵی ٦١٢ بە روونی دەردەکەوێ، کە سەرەتایەك بوو بۆ بەرەنگاربوونـەوە لە نێوان مەغۆل و خوارزمییەکان.

لە زستانی ساڵی ٦١٢ ك "سوڵتان محمد خـوارزم شـاە" لـە شـاری جتـد (نزیك سیحون بەرامبەر بە بلادی تورك نشین "ترکستان") تێپەڕی و بـەرەو لای دەشتی قیرقیز، شوێنی نیشتەجێ بوونی قەبیلـەی قبچاق پێشڕەویان کرد. کاتێك هێزێکی جـەنگیزخان کـە بـە سـەرکردایەتی "جـوجی" کـوڕی ناردبووی بۆ هێـرش کردنـە سـەر هـۆزی "مـەرکیت"، بـەرەوڕوو بـوون هـەر چەندە جوجی و سەرکردەکانی تری تاتـار (مـەغۆل) ئارەزوویـان نـەبوو لـە گەڵ موسوڵمانان بجەنگێن، هەر بۆیە پێغامیان بۆ سـوڵتان محمد نـارد کـە ئەوان لە لایەن جەنگیزخان بۆ بەرپەرچ دانـەوەی یـاخی بووەکـان هـاتوون، واتە دژی هۆزی مەرکیت. بەڵام خوارزم شاە بە لە خۆباییبوونێکەوە وەڵامی دانەوە کـە هـەموو کافرەکـان لـە بەرچـاوی ئـەو وەك یـەکن، هـەموویان بـە دوژمنـی مـسوڵمانان دادەنرێن. فـەرمانی دا کـە هێـرش بکەنـە سـەر هێـزی جەنگیزخان کە بە سەرکردایەتی "جوجی" کوڕی بوو، لە ئەنجامدا شەڕ لـە نێـوان هـەر دولادا روویـدا، بـەڵام هـیچ ئـەنجامێکی نـەبوو. لەبـەر ئـەوە مەغۆلەکان بە شەو کشانەوە بـەرەو قـەراقۆرم و خـوارزم شـاە لـە هـاوینی ساڵی ٦١٣ ك گەرایەوە سمرقنـد. ئەمـەش یەکـەم تێك هەڵچوون و ئـاڵۆزی پەیوەندی نێوان خوارزم و مەغۆل بووە.

"سوڵتان محمد خوارزم شـاە" لـە داوی ئـەو سـەرکەوتنانەی لـە ئاسـیای بچووك وەدەستی هێنا، هەوڵی ئەوەی دا کە دەست بـە سـەر وەڵاتـی چـین دابگرێ و بەردەوام ئەوەی لە مێشکی خۆیدا دەهێناو دەبرد. هـەر چـەندە هەنـدێك لـە بەرژەوەنـدی خـوازان هـەوڵی ئـەوەیان دەدا لـەو کـارە دوور بکەونەوە، بـەڵام سـوودی نـەبوو. تـا ئـەو کاتـەی هـەواڵی سـەرکەوتنەکانی جەنگیزخان لە ویلایەتی اویغورو تبت بەر گوێی کـەوت و بیـستی، لـە سـاڵی ٦١٢ ك "خـان مـەغۆل" شـاری پکینـگ (پکـن) پێتـەختی چـینی بـاکووری گرتوە.



سوڵتان محمد بۆ ئەوەی راستی ئەو هەواڵە بزانێ هەوڵی بە دەسـت هێنـانی زانیاریی دا، هەر بۆیە چەند نێردراوێکی خـۆی بـە سـەرکردایەتی "سید اجل بهاالدین" رازی کـرد و نـاردی. نوێنـەرەکانی لـە دوای ئـەوەی لـە تورکستانی رۆژهەڵات تێپەڕین، گەیشتنە پەکین کە لـە ژێـر دەسـەڵاتی مەغۆلەکانـدا بـوو. نووسەری کتێبی "گبقات ناصری" باس لەو وەفدە دەکاو لە زمانی سید اجل بهاالدین دەگێڕێتەوە کە چۆن گەیشتوونەتە نزیك گمخاج و نزیکی دارالملك و بە ئاڵتون خـان (کـە نـاوی گـشتی پادشـاکانی بنەماڵـەی کـین)ە گەیـشتوون. لـە

دوورەوە شتێكیان بینیوە كە لە شێوەی چیایەكی بەرزو رەنگێكی سپی هەبووە... بهاالدین دەڵێ: "ئێمە كە نێردراوی خوارزم شاە بووین پێمان وابوو كە ئەوەی دەبینین تەنها چیایەكی بەرزی سپییە، بەڵام لە رێبواران و خەڵكمان پرسی گوتیان ئەوە ئێسك و پروسكی مرۆڤە كوژراوەكانە. كاتێ كەمێكی تر رۆیشتین بە شێوەیەك زەوی لە رۆنی و چەوری مرۆڤەكان دا رەش ببوو كە دەبوایە سێ شوێنی تریان بېڕیبایە تا دەگەیشتنە زەوی وشك. كاتێ گەیشتنە گمخاج، لە بن بورجێك ئێسك و پروسكی مرۆڤەكان كۆكرابۆوە. دەیان گوت لە كاتی گرتنی ئەو شارە هەزاران كچیان لەو بورجە فڕێ داوەتە خوارێ و لە ناویان بردون بۆ ئەوەی نەكەونە دەست سوپای مەغۆلەكان ئەو ئێسك و پروسكەش هی ئەو كچانەیە".

چەنگیزخان بە رێزەوە نوێنەرەكانی خوارزم شای وەرگرت و پەیامی پێ دان كە بە سوڵتان بڵێن كە جەنگیزخان هەروەك ئەوەی خۆی بە پادشای رۆژهەڵات دەزانێ، خوارزم شاش بە پادشا یان فەرمانڕەوای رۆژئاوا دەزانێ و ئارەزووی هەیە كە رێكەوتن لە نێوان هەردوو لا دا هەبێ و لە هەر دوو مەملەكەت دا بازرگانی و ئاڵوگۆڕی شتومەك پەرەی پێ بدرێ.

بە مەبەستی پەیوەندی بازرگانی، هەندێ لە بازرگانە مەغۆلەكان كە ژمارەیان (٤٥٠ ــ ٥٠٠) كەس دەبوون، رۆیشتن بۆ ماوراء النهر كە لەوێ شتومەكە بە نرخەكانیان وەك زێڕ و زێوو ئاوریشم و قوماشی بە نرخ لەگەڵ خۆیان بۆ شاری أترار هێنا كە یەكەم جار خاكی خوارزم شاهیان بوو. لەو شارە رووداوێك روودەدات كە پێی دەگوترێ (رووداوی أترار). والی ئەم شارە ناوی "ینال خان" بوو كە خزمی خوارزم شاە بوو. لە كاتی بینینی ئەم كاروانە كە ژمارەیەكی زۆر كە شتی باشیان لەگەڵ دابوو نامەیەك بۆ خوارزم شاە دەنێرێ كە هەندێ لە سەربازە مەغۆلەكان بە جلوبەرگی بازرگانی بەڕێوەن. خوارزم شاە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: "ئاگادار بە، بزانە چی دەكەن، بەڵام نەیەنكووژی." سەرچاوە مێژووییەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە ینال خان كەسایەتییەكی بێ تەحەمول بوو، بۆیە هێرش دەكاتە سەریان و ٤٥٠ بازرگانەكە دەكوژێ. كە ئەم رووداوەش پێی دەگوترێ قەسابخانەی "أترار". ئەم هەواڵە بە جەنگیزخان گەیشت، بۆیە جەنگیزخان وەفدێكی سێ كەسی نارد بۆ لای خوارزم شاە و داوای كرد كە "ینال خان" ئێعدام بكرێ، بەڵام خوارزم شاە رازی نەبوو چونكە خزمی بوو. لێرەدا خوارزم شاە دەبوایە ئەم كێشەیەی بە شێوەیەكی دیبلۆماسی چارەسەر بكردایە، بەڵام هەستا بە كوشتنی كەسانی وەفدەكە. بۆیە جەنگیزخان بڕیاریدا كە لە سێ لاوە هێرش بكاتە سەر دەوڵەتی خوارزم شاە و لە ناویان بەرێ. جەنگیزخان سوپایەكی بە سەركردایەتی كوڕەكەی خۆی ئامادە كرد كە ژمارەیان ٧٠٠٠٠ هەزار سەرباز بوو و بۆ شاری أترار ی نارد. بە هۆی بەهێزی و گرینگیی ئەم شارە كە سەر سنوور بوو، هەروەها سەربازە بازرگانەكان لەو شارە كوژرابوون، بۆیە سوپایەكی بەهێزی ئامادە كرد. بەشی دووهەمی سوپاكەی بە سەركردایەتی جووجی (تووشی) كوڕی نارد بۆ گرتنی شاری جند لە ساڵی ٦١٧ ك. بەشی سێهەمی سوپاكەی كە سوپایەكی بچووك بوو و لە ٥٠٠ كەشتی پێك هاتبوو بۆ شاری بناكت و خنجای نارد و سوپای چوارەم بە سەركردایەتی خۆی ئامادەكرد بۆ گرتنی شاری "بخاراء" و "سمرقند"، كە گرتنی ئەم شارانە زۆر گرینگ بوو. بە گرتنی ئەم شارانە توانی بگاتە خوارزم شاە. سەرچاوە مێژووییەكان دەڵێن زۆربەی خانووەكانی شاری "بخارا" بە دار بوون. مەغۆلەكان ئەم خانووانەیان سووتاندوە، دواتر بەرەو شاری سمرقند چوون.

زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی سەربازەکانی دەوڵەتی خوارزم نزیکەی ٥٠هەزار سەرباز بوون، بەڵام لە کاتی هاتنی مەغۆلەکان هیچ بەرگریەکیان نەکردوە.

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان مەغۆلەکان و دەوڵەتی خوارزم پەیوەندیەکی ئاڵۆز بوو. چونکە هەندێ کات بۆ فراوان کردنی دەسەلات لە لای هەر دوولا لە رێکەتنەکان نەدەگەیشتنە ئەنجام و نەبوونی هاوکۆکی (رێکەوتن) و پەیوندی وەك یەك لە نێوان پادشاکاندا هۆکار بوو بۆ خراپی پەیوەندی. بەم جۆرە مەغۆلەکان لەگەڵ دەوڵەتی خوارزم شاە هەندێ پەیوەندی بازرگانیان هەبوو تا سەردەمی جلال الدین خوارزم شاە کە لە ساڵی ٦٢٨ھ بە دەستی کوردەکان دەکوژرێ و کۆتایی بە بنەماڵەیی خوارزم شاە دێ. چون جلال الدین لێهاتوو نەبووە. هەروەك سەرچاوەکان باس دەکەن کە کاتێ جلال الدین لە "اخلاگ" بووە، نوێنەرێکی بۆ تەورێز ناردوە تا لە پێشرەوی "جرماغۆن نویان"ی سەرکردەی مەغۆلەکان کە هێرشی بردبووە سەر خوارزم ئاگادار بێ. کاتێ نوێنەری جلال الدین گەڕایەوە، گوتی هیچ هەواڵێك نییە لە بارەی مەغۆلەکان، بۆیە جلال الدین زۆر بە سانایی سوپای خست بۆ ئیستراحەت کردن، بەڵام لە ناکاو لەشکری مەغۆل رژانە سەریان و جلال الدین هەوڵی کۆکردنەوەی سوپاکەی داو بەرەو لای "مغان" رۆی، بەڵام مەغۆلەکان فورسەتیان نەداو دوای کەوتن. جلال الدین ناچار بوو بەرەو "ورمێ" هەلات. هیچ کەس هاوکاری نەکرد تا ئەو کاتەی بە "میافارقین" دا رۆیشت و لە چیاکانی کوردستان بە دەستی کوردەکان لە ساڵی ٦٢٨ھ کوژرا. بەم جۆرە بە کوژرانی جلال الدین ئەم بنەماڵەیە بە تەواوی لەناو چوون و بە تەواوی پەیوەندی مەغۆل و دەوڵەتی خوارزم کۆتایی هات. لە دەرئەنجامدا مەغۆلەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوێن رێژو درندە بوون و هیچ کاتێ پەیوەندیان لە گەڵ دەوڵەتان باش نەبووە. ئەمەش بە هۆی رێك نەکەوتن لە سەر پەیمانەکان و خوێن رێژی مەغۆلەکان و هەوڵ دان بۆ دەسەلاتی تاك و رەها.

**سەرچاوەکان:**

١ـ تاریخ پنج هزار سالە: د. صدیق صوفی زادە (بورەکەیی). جلد ٢
٢ـ نگاهی بە تاریخ جهان: جواهر لعل نهرو، ترجمە محمود تفچلی، جلد اول
" دوشنبە، ٢٠٠٢/٤/١٠Azargoshnasp ٣ـ سایت "